ئەمریکییەکان لە مردن ناترسن، بەڵام لەدەستکورتی دەترسن!!..
غازی حەسەن

لە ناوەڕاستی مانی نیسانی ٢٠٢٥دا (نیوزویک)ی ئەمریکی ڕاپرسێکی شیکاری و لێکدانەوەی لەبارەی چۆنیەتی بیرکردنەوە و ترسەکانی هاووڵاتی ئەمریکی لەلایەن پیامنێری هەواڵ و زانیاریی لێنەوخەی ئەمریکا (ئەلیس هایام Aliss Higham)ەوە بڵاوی ” تۆژینەوەکان دەری دەخەن ئەمریکییەکان زیاتر لە مردن ترسیان هەیە لە شکاندنی دارایی هەیە” بڵاوکردەوە.
ئەوانەی شارەزا و ئاگاداری ژیانی ئاسایی هاووڵاتیانی نێو ئەمریکان ئەوە دەزانن، کە ئەم وڵاتە سەرمایەداریەیە مەزنە، نەک هەر بواری بەرهەمهێنان، بەڵکوو سیستەم و بیرکردنەوە و کەلتوور و ڕەفتارکانیشی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە فەلسەفە و فکری سەرمایەداریەوە هەیە. هەموو کەسێک لەم وڵاتە مەزنەدا دەبێت کار بکات و خاوەنی کارێک بێت، ئەگەر نا چارەنووسێکی نادیار لە شەقامەکان چاوەڕوانی دەکات. بە واتایەکی دیکە نەبوونی و دەستکورتی و لەدەستدانی کار هەڕەشەیەکی مەترسیدارە و لەمردن ناخۆشترە.

ئەم ڕەژنامەنووسە لە ڕاپرسیەکەیدا ئاماژە بەم زانیاریە گرنگانە دەکات و دەبژێت: “تۆژینەوەیەکی نوێ دەریخستووە، نزیکەی دوو لە هەر سێ کەسی ئەمریکی واتە پتر لە ٦٤٪ ترس و نیگەرانیان لە نەمان و تەواوبوونی پارەکانیان هەیە و بڕیە ئەمانە پتر لەم دەخە دەترسن نەک مردن” . ئەو ئاماژە بە تۆژینەوەی ساڵانەی خانەنشینی ئەلیانز بە ساڵی ٢٠٢٥ دەکات، کە ڕاپرسیەکی لە گەڵ هەزار کرێکاری ئەمریکی ئەنجام داوە، کە تەمەنیان لە ٢٥ ساڵ بەسەرەوەیە. لەم ڕاپرسیەدا دەرکەوتووە نەوەی هەزارییەکان و منداڵە گۆشەندووەکان ترسیان سەبارەت بە کەمبوونەوەی پاشکەوت و نەمانی پارە و توانای دارایی هەیە، بە واتایەکی دیکە هەر کاتێک واز لە کارکردن بێنن، ئیدی ترس لێیان دەنیشێت. هەروەها “خانەنشینەکان بەزۆری نیگەرانن لە نەبوونی و دەستکورتی لە ٧٠٪ دەڕەن ترسی زیاتریان لە ناسەقامگیری دارایی لە درێژخایەنی تەمەندا هەیە، پتر لە مردن. لەنێوان نەوەی هەزارییەکاندا، لەسەدا ٦٦یان ڕایانگەیاندووە، پتر ترسیان لە نەمان و تەواوبوونی پارە و دەستکورتی هەیە. ٦١٪ یان

ڕاشکاوانە دەڵێن لەکۆتایی ژیانیاندا ترسیان لە وەرانبووون و داماڵان و فڕۆشڵی دارایی هەیە".

(مارک تەرنەر) کە خانەنشینە و دامەزرێنەری ماڵپەڕی GoldIRAGuide.com بە (نیوزویک)ی ڕاگەیاندووە: "لەماوەی دەیان ساڵی کارکردنی، بە چاوی خۆی شایەتحاڵی ترسی کڕیکاران بووە، ئەوانەی لەووی دارایی‌وە خەیان بە دواترین ساڵەکانی ژیانیان ئامادە دەکەن. ئەمریکییەکان زیاتر لە مردن ترسیان لە شکان و نەمانی توانای دارایی و مایەپووچی هەیە".
ئەم ڕۆژنامەنووسە ئەمریکییە لە تۆژینەوەکەیدا گوتی: "خەڵک بە گریانەوە پەیوەندی بە ئۆفیسەکەمانەوە کردووە و دەڵێن: گرنگ نییە سبەی بمرم، تەنیا نامەوێت بە دەستکورتی و گیرفانی بەتاڵ و نەبوونییەوە بمرم".
بەیە ڕاپۆرتە شیکارییەکە ئاماژە بە هەڵکاری (هەڵاوسان و نەبوونی یەکسانی و باجی زێر وەکو کێشەیەکی گرنگ) دەکات ، ئەوی دیکەش ئەو گومانە زۆرەیە، کە لە ئاسایشی کۆمەڵایەتی هەیانە و پێیان وایە ناتوانێت پشتگیرییەکی گونجاو لە خانەنشیان بکات. واتە سیستەمی هاوکاری دارایی و پاڵپشتی ژیانێکی شایستە و دڵنیا نییە.

بەپێی زانیارییەکان لە مانگی نیسانی ٢٠٢٥دا نزیکە ١٧٠.٧ ملیۆن کەس تەمارکراون کە کرێکارن و کار دەکەن. ئەژمارەی دەستخستنی کار لە مانگی ئازاری ٢٠٢٥ گەیشتە ١٦٣.٥ ملیۆن کەس، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات ئەژمارەکە هەندێک زیادی کردووە، کاتێک بەراورد دەکرێت بە مانگی شوباتی هەمان ساڵ کە ١٦٣.٣ میلیۆن کەس بووە.
هەزی کار بریتییە لە ژمارەی ڕاستەقینەی ئەو کەسانەی کە بە کار ئامادەن، هەزی کار لە ئەمریکا لە مانگی یەکی ساڵی ٢٠٢٥دا گەیشتە ئاستێکی پەوانەیی و ١٧٠.٧ ملیۆن کەسی مەدەنی دانراوە و لە مانگی شوباتی ٢٠٢٠، لە سەرەتای پەتای کۆڤید-١٩ لە ئەمریکا، ١٦٤.٦ ملیۆن هاووڵاتی مەدەنی وەکو هەزی کار لە پێش پەتاکە تەمار کراون. هەزی کاری ئەمریکا لە ساڵی ١٩٦٠وە ساڵانە بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە، جگە لە ماوەی دوای پاشکشە مەزنە ئابووریەکە، کە لە ساڵی ٢٠٠٩ تا ٢٠١١ لە خوار ئاستی پەویست بووە.

ئافرەتان

لە مێژووی هاوچەرخی ئەمریکا، سێ قۆناغی بەرچاو لە زیادبوونی بەشداری ئافرەتان وەکو هێزی کار هەیە. لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا

تا ساڵانی ١٩٢٠ بەشێکی زۆر کەم ئافرەت لەکار دامەزران. زۆرجار ئافرەتی کارگەر و ئافرەتە گەنجە تاقانەکان بوون و بەشێوەیەکی گشتی لەکاتی هاوسەرگیریدا دەستیان لەکار هەڵگرتووە و چی دیکە لەنێو هێزی کار نەماون و وەکو هێزی کار حیسابیان بۆ نەکراوە، مەگەر خێزانەکەیان پێویستی بە دوو داهات بووبێت. ئەم ئافرەتە کرێکارانە بە پلەی یەکەم لە پیشەسازی بەرهەمهێنانی قوماش، یان وەک کرێکاری ناوماڵ کاریان دەکرد.

لە نێوان ساڵانی ١٩٣٠ بۆ ١٩٥٠، بەشداریکردنی ئافرەتی کرێکار وەکوو هێزی کار بۆ شێوەیەکی سەرەکی بەهێزی زیادبوونی خواست لەسەر کرێکارانی دائیرە و ئیدارە و بڵاوبوونەوەی ئۆفیسەکان و بزووتنەوەی ئامادەسازیی و بۆ کارپاییکردن زیادی کرد، لەبیری نەکەین ئەم گۆڕانکارییانە بەسەربردنی ئافرەتانی بۆ کارکانی ماڵەوە کەمکردەوە. لەساڵانی ١٩٥٠ تا ١٩٧٠ زۆربەی ئەو ئافرەتانەی خاوەن داهاتی لاوەکی بوون بەشێوەیەکی سەرەکی وەک سکرتێر، مامۆستا، پەرستار و کتێبخانەوان کاریان دەکرد.
لەساڵی ١٩٦٠ەوە جیهان و ئەمریکا شایەتی زیادبوونی بەرچاوی هێزی دەستی کاری مێینە لە بازاڕی کار بوون، بەتایبەتی لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی وەک ئەوروپا و ئەمریکا بەپێی خزمەتگوزاری تۆژینەوەی کۆنگرێس، جیاوازی بە هێزی دەستیکار لەنێوان ئافرەتان و پیاوان لەساڵی ١٩٧٩ەوە کەمتر بووە و بڕەکەی هێشتا پیاوان لەبەراورد بە ئافرەتان زۆرکەیان بەرزتر ماوەتەوە. دەبێت ئاوڕش بزانین تەنیا ئەو پیاوانەی بەوانامەی بەکالۆریۆس، یان بەرزتریان هەبووە، تەکەڵەی داهاتی ڕاستەقینەی کاریان لە ئافرەتان زیاتر بووە.
(کلەدیا گۆلدین) و ئەوانی دیکەش، بە تایبەتی ئاماژە بەوە دەکەن، کە لەناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە قۆناغێکی تازە لەشۆشی ئافرەتان لەبواری هێزی کاردا دەستی پێکردووە، ئەمەش بەهۆی هۆکاری جیاوازەوە هاتۆتە ئاراوە. لە ئەمریکا زۆرێی هێزی کاری ئافرەتان نزیکەی ٥٩٪ و لە ساڵی ١٩٤٨ بۆ ٦٦٪ بەرز بۆتەوە و لەساڵی ٢٠٠٥یشدا بەشداریکردن لەنێوان ئافرەتان لە ٣٢٪ بۆ ٥٩٪ بەرزبووەوە و کەچی بەشداریکردنی پیاوان لەنێوان ٨٧٪ بۆ ٧٣٪ دابەزیوە.
تیۆرێکی باو لە ئابووریی مۆدێرن بانگەشەی ئەوە دەکات کە سەرهەڵدان و بزاڤێکی نوێ بۆ ئافرەتان دەرکەوتووە لەپێناو بەشداریکردن لە هێزی کاری ئەمریکا لە کۆتاییەکانی شەستەکاندا بەهۆی ئەو گۆڕانکارییەی ڕووی داوە.
هۆکارێکی گرنگ بۆ بەشداری ئافرەتی کرێکار

هەتا ئێستاش گفتوگۆیەکی وردی لەبارەی مافەکانی ئافرەت وەکو کرێکار و بەشداری لە پرۆسەی بڕیارهەمهێنان و گۆشەکردنی ئەمریکا دەکرێت. تەوژمێوەکان پێیان وایە "هێنانەکایەی تەکنەلۆژیای نوێ ڕێگری لە دووگیانی و حەبی لەبارەدان و لەدایکبوون و ڕێکخستنی یاساکانی تەمەن لای ئافرەت کردووە و بەپێی ڕۆژنامەی زانکۆی شیکاگۆ (پرێس جۆرنال) هێنووکە گۆڕانکارییەکی بڕچاو لە یەکەمین ژیانی هاوسەرگیری و پێشەی پڕوەردەیی لای ئافرەتان ڕوویداوە و زۆربەی ئەو ئافرەتانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە و وەڵامیان داوەتەوە، ئاماژە بەوە دەکەن ئەم گۆڕانکارییە بەهۆی حەبەکەوە بووە، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٠وە ئافرەتانی خۆزانداربە بە گوێدانە دەخێ دامەزراندنی هاوسەرەکەیان ئامادەبوون کار بکەن، تەنیا ٤٠٪ی ئافرەتانی دانیشتووی ئەمریکا لەڕاستیدا حەبی کۆنتڕۆڵ و لەباربردنی لەدایکبوونیان بەکارهێناوە". ئەم ژیانی ئافرەتی کرێکارە لەم وڵاتە بەهێز و ئابووریە مەزنەی کە کاریگەریی هەر تەنیا لەسەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵک نییە، بەڵکو کەلتوور و ڕەفتار و نەریت و پەیوەندییەکانی خەڵکیش دەگۆڕێت.
هەمان سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکات "هەکارەکی دیکە، کە ڕەنگە هەکار بووبێت لە گۆشەکردن و گۆڕانکاری لەم ڕووتە، ئۆویش یاسای یەکسانی موچۆیە لەساڵی ١٩٦٣ بەیاری لەدرا و ئامانجی هەوڵشاندنەوەی جیاوازی موچۆ بوو لەسەر بنەمای ڕەگەز".
دوای ئەوە دەبینرێت بەپێی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان" ئەم جۆرە یاسایانە جیاوازیی و هەڵاواردنی سێکسی کەمکردەوە و پتر هانی ئافرەتانی دا بە چوونە ناو بازاڕی کار بە وەرگرتنی پاداشتێکی دادپەروەرانە لەپێناو یارمەتیدانی پڕوەردەی منداڵانکانیان".
زانیارییەکان ئەوەمان نیشان دەدەن "بەپێی وتەی (کلەر کەین میلەر) لە نیویەرکەوە وڵاتانی دەوڵەمەندی دیکە، وەک دانیمارک، ئەڵمانیا و نەرویج، ساڵانە بە تەکەڵا ١٤ هەزار دۆلار بە چاودێری منداڵان خەرج دەکەن لە کاتێکدا حکوومەتی ئەمریکا تەنیا ٥٠٠ دۆلار پشتگیری دەکات".

پیاوان

بەپێی نووسینگەی ئاماری کار لە ئەمریکا، پیاوان لە ساڵی ١٩٥٠ەوە ڕۆژێکی وەکو هەزی کار کەمی کردووە لە ٨٦.٤٪ ساڵی ١٩٧٠ و ٪ ٧٩.٧ و لە ساڵی ١٩٩٠یش دابەزیوە بە ٪ ٧.٤ و ساڵی ٢٠٠٥یش بەتە ٧٣.٣٪ . سەرەڕای ئەوەش، دابەزینی بەشداری پیاوان لە خوێندن، تەمەنی هاوسەرگیری، بەرزبوونەوەی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان و

ئالودبوون بە یاریيە قیدیيەکان دەتوانن ببنە هۆکار بۆ کەمبوونەوەی ڕێژەی پیاوان وەکو هەڵزی کار.
بەپێی بانکی فیدراڵی لەساڵی ١٩٩٦ تا ٢٠١٥، ئەو پیاوانەی کە تەمەنیان پێگەیوە و چەتە سەرەوە توانای کاریان هەیە و خاوەنی بڕوانامەی ئامادەیی یان بڕوانامەی هاوشێوەی ئەمن، ڕێژەی بێکاری نەکردنیان زۆر پتر لەوانەی کە بڕوانامەی پێشکەوتوویان هەیە. لە سەردەمی پاشکێشەی گەورەدا، بە گشتی ڕێژەی بێکاری نەکردن بە هەمووان زیادی کرد بەبێ گوێدانە ئاستی خوێندنیان، بەڵام گەورەترین زیادبوون بۆ ئەو کەسانە بوو، کە تەنیا بڕوانامەی ئامادەییان هەبوو.
هۆکارێکی دیکەی کەوتنە بازنەی دەرەوەی هێزی کار لە ئەمریکا کێشەی پیربوونە و لە تەمەنی مامناوەندی، لای نەرینەکان لەتەمەنی ٣٤ ساڵییەوە بەرزبەتەوە بە ٣٧.٢. ئاپرسیێکەی ئێستای دانیشتوان لەبارەی ساڵی ٢٠٢٠، ئەوە نیشان دەدات زۆربەی ئەو پیاوانەی لە دەرەوەی هێزی کار بوون، هیچ شتێکیان لەبارەی تەندروستی خۆیان ڕایانگەیاندووە کە بۆهەی نەخۆشی، کەمئەندامی، یان بۆهەی چوونە خوێندنی باڵا ناتوانن کار بکەن. سەبارەت بە پڕۆگرامی کەمئەندامی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، ٣٥٪ی ئەوانەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، واتە هاوکاری حکوومەتیان هەیە و کەمئەندامن، ئاماژەیان بەوە کردووە هۆکاری پێککەوتەیان بۆهەی تێکچوونی تەندروستی دەروونییەوە بووە. ٣٠٪ دیکەشیان لەبارەی دۆخی نەخۆشییەکەیان و کەمئەندامییەکەیان ئاماژەیان بەوە کردووە کێشەکەیان پێیوەندی بە تێکچوونی ماسولکەیی و ئێسکەوە هەیە، کە زۆربەیان بۆهەی قەبەوەیوە.

By Year	% Men in Labor force
1950	86.4%
1960	83.3%
1970	79.7%
1980	77.4%
1990	76.4%
2000	74.8%
2010	71.2%
2019	69.2%

داهات

مـــووچە لە ئەمەریکـــا لە مـــانگی ئـــازاردا بە ٣٠.٩٦ دۆلار بۆ هەر کاتژمێرێک لە مانگی شوباتی ٢٠٢٥ بە ٣٠.٩١ دۆلار بۆ هەر کاتژمێرێک بەرزبووەتەوە، کرێ لە ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٦٤ تا ٢٠٢٥ بە تێکڕا ١٢.٧١ دۆلار بۆ هەر کاتژمێرێک بووە، لە مانگی یەکی ساڵی ٢٠٢٥دا گەیشتووەتە بەرزترین ئاستی لە مێژوودا کە ٣٠.٨٤ دۆلار بووە بۆ هەر کاتژمێرێک و لە مانگی شوباتی ١٩٦٤دا نزمترین ئاستی تۆمارکردووە کە ٢.٥٠ دۆلار بووە بۆ هەر کاتژمێرێک.
لەکاتێکدا دەبێت ئاماژە بدەم بە ملیۆنان کەس بۆتایبەتی لەبواری بیناسازیی بە ١٠-١٢ دۆلار لە کاتژمێرێک کار دەکەن، بە ئەوەی هیچ مافێکیان لە خانەنشینی و بیمەی تەندروستی و سەلامەتی کار هەبێت. بە واتایەکی دیکە ئەم ژمارەیە گشتییە و دەزگا فەرمییە باکان دەگرێتەوە، نەک تەواوی هەزی کار و کارگەر و شوێنکانی کار و بەرهەمهێنان.

بە شوێن و ماڵ و هەژاری

بەپێی زانیارییە فەرمییەکانی حکوومەتی ئەمەریکا لە هەر دە هەزار کەس ٢٣ کەس بە جێگا و ماڵ و شوێنی ژیانێ و لە شەقامدا دەژیت، بەپێی زانیارییەکانی ساڵی ٢٠٢٤، ٧٧١ هەزار و ٤٨٠ کەس وەکو بێ لانە و ماڵ و جێگای ژیان تۆمارکراون.

بەپێی ئاگەیاندراو و زانیاریی فەرمی حکوومەت لەساڵی ٢٠٢٣دا ژمارەی هەژاری بەشێوەی فەرمی لە ئەمریکا ١١.١% بووە و ٣٦.٨ ملیۆن کەس لەژێر ئاستی هەژاریدا دەژین. لەنێو ئەم ژمارەیەدا منداڵان و ئافرەتان ژمارەیەکی زۆر پێکدەهێنن.

دیماهی

ئەمریکا وەاتی کارکردن و بەدەستهێنانی توانای دارایی و لەهەموو جیهان زووی تێ دەکەن و بێ خاوەنی ئابووریەکی بەهێز و باڵادەست و کاریگەر ناسراوە. ساڵانە ملیۆنان کەس بێ هەکاری جیاواز دەمرن، مردن کەلتووری ترس و سزا و لێپێچینەوە دوای کۆتایی ژیان نییە. کەلتووری قسەکردن لەسەر مردن هیچ ترسێکی تێدا نییە و ئەمریکییەکان وەکو دەڵێن ئەوان لە مردن ناترسن، بەڵکو لەوە دەترسن دەستکورت بن و مایەپووچی دەرچن و توانای دارایی لەدەست بدەن و بێکار و داهات بن.
ئەمە دەزانین مانای ئەم ترسە چییە و نیشانە و هەماکانی نەترسانیشیان لە مردن چییە. کرێکاران لە ئەمریکا بەم شێوازە گوزارشت لە هەقیقەتی ژیانی خۆیان دەکەن. کرێکار بەزمان گوزارشت لە دونیایەکی یەکجار ئاڵۆز دەکەن، کە تەنیا کرێکارانی وەاتێکی سەرمایەداری وەکو ئەمریکا دەتوانێت گوزارشتی لە بکات.
داهات و هەقی کار و گوزەران و پێویستییە دارایەکانی یەکێکە لە پێویستییە هەرە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی مرۆڤی کارگەر. مرۆڤکان لەپێناو بەدەستهێنانی سەرچاوە و توانای دارایی بۆ دەستبەرکردنی ژیانێکی ئاسودەی ئاڵۆزیان کار دەکەن، ئەمەش کار و ژیان و پێوەندییەکی یەکجار قورس و ئاڵۆزی دروستکردووە، کە مردنیان لەچاو ئەم ژیان و خەبات و کارکردنە پێ فشێیە.
داهات و مایەپووچی ئابووری و بێکاری کاریگەری لەسەر ڕەفتار و شێوەژیان و بیرکردنەوەی کەسەکان هەیە، وەکو چۆن سیستەمی ئابووری باڵادەست و بەهێزی سەرمایەداری لە ئەمریکا کاریگەری لەسەر ڕەفتار و کەلتوور و ژیانی خەڵک لەسەرتاسەری دونیا دروستکردووە.

سەرچاوەکان:

https://www.newsweek.com/americans-fear-going-broke-more-death-study-2063593

https://www.bls.gov/news.release/empsit.t01.htm

https://www.google.com/search?q=Number+of+workers+in+America&rlz

https://en.wikipedia.org/wiki/Labor_force_in_the_United_States

https://usafacts.org/articles/how-many-homeless-people-are-in-the-us-what-does-the-data-miss/

https://www.google.com/search?q=poverty+rate+in+america&rlz=1